**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# بۆ دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق

بەپێی دوا دانیشتنی دادگا، بڕیاردراوە دادگا لە 2007/06/24 دا بڕیاری خۆی لەسەر ئەگەری تاوانباری تۆمەتباران لە تاوانی شالاوەکانی ئەنفال دا بخاتەڕوو، جۆری تاوانەکانیان دیاربکات و سزیان بۆ ببڕێتەوە. ئەوەی داواکاری گشتی سەبارەت بە جۆری تاوانەکان بۆ تۆمەتباران داوای کرد کەمترە لەوەی کە ئەو تاوانبارانە کردوویانە. ئێمە لێرەدا گومانمان لادروست بووە و پێمان وایە ئەوانەی بەشداریان لەتاوانی ئەنفالدا کردووە، دەبێ بە تاوانی بەشدار لە تاوانی ژینۆساید تاوانبار بکرێن و لەسەر تاوانی ژینۆساید سزابدرێن. ئێمە پێمان وایە هەر بە تەنها عەلی حەسەن مەجید لە تاوانی گەلکوژی تاوانبار نییە، بەڵکو زۆرینەی سەرکردە بەعسیەکان کە بەشداریان لە تاوانەکەدا بە جۆرێ لەجۆرەکان هەبووە دەگرێتەوە.

ئێمە نازانین ئێوە چ بڕیارێک دەردەکەن و چ جۆرە تاوانێک بۆ تاوانباران دیاردەکەن و چ جۆرە سزایەکیان بۆ دەبڕینەوە. بەڵام بە پێویستی دەزانین بەبیرتانی بهێنینەوە، بەپێی ئەو بەڵگانەی لە دادگا تائێستا پێشکەشکراون، بەپێی گوتنی سکاڵاکەران و دیتەران، بەپێی گوتنی تاوانبارن و ئەنجامی دانیشتنەکانی دادگا سەبارەت بە تاوانی ئەنفال بەگشتی، بەپێی ئەوەی لە ڕێکەوتنامەی ژنێڤ لەمەڕ تاوانی ژینۆسایددا هاتووە، ئەو تاوانەی ئەنجام دراوە بەمەبەستی لەناوبردنی بەشێکی گەلی کورد بووە، بۆیە تاوانێکە دەچێتە خانەی ژینۆساید. ئەوەی لێرەدا پێویستە فەرامۆش نەکرێ ئەوەیە، ئەو تاوانە لەلایەن سەرکردایەتی دەولەت و حکومەتی ئێراق کە سیمبۆل و نوێنەر و دەسەڵاتداری دەولەتی ئێراق بوون ئەنجام دراوە. سەرکردایەتی حکومەت و دەولەتی ئێراق لە هەوڵێکی بەرنامەرێژکراودا، بە سوپا و دارایی دەوڵەت، لەڕێگای دامودەزاگاکانی دەوڵەت و بە بڕیارەکانی دەوڵەت، وەکو دەوڵەت بەهەموو واتاکانیەوە بە تاوانەکە هەڵساوە.

بەمپێیە ئێمە چاوەڕوانین کەوا دادگا سەیری تاوانەکە وەکو خۆی بکات و لاربوونەوە نەنوێنێت، ئەگەر دەیەوێت ڕوویەکی باش بە گەلی قوربانی کورد پێشان بدات. هیوادارین لە چوارچێوەی بڕیارەکانی دادگا ئەو خاڵانە ڕەنگ بدەنەوە:

1. پێویستە بە ڕوونی دان بەوەدا بندرێت کە تاوانی ئەنفال تاوانی ژینۆسایدە.
2. پێویستە ئەوە ڕوونکرێتەوە کەوا دەوڵەتی ئێراق بە بڕیاری حکومەت و لە ژێر سەرکردایەتی سەدام حوسێن بەم تاوانە هەڵساوە.
3. هەموو ئەوانەی لە تاوانەکەدا بەشداریان کردووە، دەبێ سزایان بۆ ببڕدرێتەوە و نابێ ببوردرێن.
4. قوربانیەکان داوا دەکەن کەوا سزای تاوانباران لە شوێنی تاوانەکانیان بدرێت، هیوادارین دادگا هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکاریە بنێت.
5. پێویستە دادگا ئاماژە بەوە بکات کەوا هەموو ئەوانەی لە دادگادا وەکو تاوانبار ناویان هاتووە دەدرێنە دادگا.
6. پێویستە دادگا ئاماژە بەوە بکات کەوا هەموو ئەوانەی بەشداریان لە تاوانی ئەنفالدا کردووە دەدرێنە دادگا.

ئەوەی لێرەدا هاتووە چاوەڕوانیەکانی ئێمە و قوربانیانی تاوانی گەلکوژین، هیواداریین دادگا بێلایەنی خۆی لەم ساتە هەستیارەدا بسەڵمێنێت و بێلایەنانە وەکو خۆی لە تاوانەکە بڕوانێت.

**ناوەندی چاک**

2007/6/15